# تەنها نیگایەك لە پەنجەرەی بەرنامەی ملیۆنێری کەناڵ 4 ... خەبات لاوباخ



خەبات لاوباخ

Wednesday, 10 March 2010 10:43



ئەو کەناڵە ئاسمانییەی چەند ساڵێك لەمەوپێش هیوام بۆ ئەخواست بێتە دی، کە لە ژێر کاریگەری وولاتانی دراوسێ و زنجیرە درامای تورکی و عەرەبی دەرباز بێت و ڕێڕەوێکی جیهانی بگرێتەبەر و دوور بێت لە بەسەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان وهەندێ بەرنامەی ڕەنگین پێشکەش بکات و مرۆڤی کورد بەتایبەتی ژنانی کوردی ووریا بکاتەوە لە مافەکانی، ئەوا تاڕادەیەك لە کەناڵ 4 دا سەرەتایەك بەدی ئەکرێت، ئەوەی من ئێستا مەبەستمە بەتایبەتی بەرنامەی ملیۆنێرە لەلایەن پێشکەشکارەوە کاکە شوان و دەستی خۆشی لێ ئەکەم.

لەڕاستیدا لای هەموان ئاشکرایە کە ئەم بەرنامەیە جیهانیە و لە زۆربەی وولاتاندا هەیە، کە بەرنامەیەکی سودبەخشە لە ڕووی زانیاری یەوە، گەر تاکی کۆمەڵ بیەوێت سودێکی باشی لێ ئەبینێت، هەرچەندە ئەمە سەرەتایەکە لای ئێمە، هیوادارم باشتر بەرەو پێشەوە بچێت.

ئەوەی من ئەمەوێت بیڵێم و باسی لێوە بکەم کەسانی بەشداربووە لەم بەرنامەیە، ئەوەندەی من ئاگادار بوویم کەسانی ئاسایی لە مێینەو نێرینە، لە پارێزەر، مامۆستایی سەرەتایی، ئامادەیی، نوسەر هتد... ... بەشداربوون، ئەوەی بەلای منەوە جێی خەم و سەرسوڕمانە، ئاستی زانیاری بەشداربوانە لەگەڵ هەڵس و کەوت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە، کە ڕەنگدانەوەی نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری تاکی کۆمەڵی هەرێمی کوردستانی تێدا ڕەنگ ئەداتەوە.

من نازانم مەرجی بەشداربوون چۆنە، ئایا تەنها وەك ئەوترێت بەزۆرترین تەلەفون کردنە بۆ ئەو ژمارەیە کە دراوە، یان ئەمانە هەڵبژێردراون لە کەسانی دیاریکراو، بەهەر حاڵ، جێی داخە کە زۆربەی بەشداربووان بە ئاسانکاری ویارمەتیدان لەلایەن کاك شوانەوە، بەکارهێنانی جۆکەر، بە نادڵنیاییەوە وەڵامی پرسیارەکان ئەدەنەوە، ئەم دیاردەیە تەنها تاوانی بەشداربووان نیە بەڵکو سیستەمی خوێندن و نەبوونی سەرچاوەیەکی زانستی ئەتۆ، کەهەوڵ بدرێت تاکی کۆمەڵ هانبدرێت بۆ پڕکردنی مێشکیان لە زانیاری بەسود، تەنها بۆ گوێڕایەڵی وخۆشەویستی بۆ لایەنێکی سیاسی پەروەردە ئەکرێن، فێرکردنی قوتابیان و خوێندکارانی ئامادەیی زانستی و وێژەیی و پیشەیی وزانکۆکان تەنها بۆ دەرچونە و هیچی تر، کە منیش هەر بەو شێوەیە خوێندنم تەواو کردووە، ئەمە ئەو هەڵەیەیە کە ئێمە تاکو ئێستا پێوەی ئەناڵێنین، ئێمە ناخوێنین بۆ فێربوون، بەڵکو ئەخوێنین بۆ دەرچون.

تکای من ئەوەیە لە دەسەڵاتداران، ئەوەندەی سایتی ئینتەرنێت ئەکەنەوە بۆ پڕۆپاگەندەی کەسایەتی وپارت و ڕێکخراوەکان بە هەموو زمانەکان، ئەوەندەش گرنگی بدەن بە سایتێکی پڕ زانیاری وەك (هاوڕێنامە و کوردیپیدیا) ی کاکە هاوڕێ باخەوان (ئەدرەسەکەی لەخوارەوە ئەنوسم)، ئەوەی ئەم کوردە دڵسۆزە ماندوو نەناسە کردوێتی، بە هەموو دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانیوە بیر لە کارێکی وا باش بکەنەوە، یان هیچ نەبێت هاندەرێك بن بۆ ئەم کوردە دڵسۆزانە و دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ بکرێت، تا هەووڵ بدەن بەرهەمی بە پێزتریان هەبێت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا، یان بەرهەمهێنانی سایتێکی وەك (ویکیپیدیا) کە بە هەموو جۆرە زمانەکان هەیە بۆ زانیاری.

+ بۆیە ڕووی دەمم ئەکەمە لایەنی بەرپرسیار بۆ پڕکردنی مێشکی تاکی کۆمەڵ لە زانیاری سودبەخش با هەوڵی کردنەوەی سایتێکی لەو جۆرەی کە کاکە هاوڕێ هەنگاوێکی پیرۆزی بۆ ناوە، یان پشتگیری ماتریالی و لۆگیستی یان بۆ بکرێت تا بەردەوام بن لەم کارە پیرۆزەیان.

+ ڕووی دەمم ئەکەمە ئەو کەسانەی ئەیانەوێت بەشداری بکەن، با ئامادەکاری بکەن بە کۆکردنەوەی زانیاری وەك خۆراکێك بۆ مێشکیان، با هەڵپەی ئەوە نەکەن بە ڕێکەوت و بەختی ناوچەوان پڕ پارەیەکی زۆر ببنەوە، هیچ نەبێت سەیری یەکێك لەم سایتانە بکەن بۆ هەبوونی کەمێك زانیاری:

**/http://www. bakhawan. com/kurdipedia**

یان

**/http://www. wikipedia. org**

ئەتوانیت ئەم سایتە کلیک بکەیت و ئەو زمانە هەڵبژێریت کە ئەتەوێت پێی بخوێنیتەوە تاکو زانیارییەکانتی پێ باشتر بکەیت و خۆت ئامادە بکەیت و دواتر هەوڵ بدەیت بەشداری بکەییت لەو بەرنامە سودبەخشەدا، کە سودەکەی تەنها بڕە پارەکە نیە بەڵکو زانیارییەکانە.

بەداخەوە بە نیگایەك لە پەنجەرەی بەرنامەی ملیۆنێرەوە، ئەتوانیت نزمی ئاستی زانیاری زۆربەی تاکی کۆمەڵ ببینین، کە ئەبوو لەم سەردەمی تەکنیك، سەتەلەیت و ئینەرنێت زۆرتر بایەخمان بە کۆکردنەوەی زانیاری بدایە، نەك مۆبایل، سەتەلایت، ئینتەرنێت بۆ هەندێ لایەنی پروپوچ کە سودی هیچ لایەکی تێدا نیە، تەنها بڵاوکردنەوەی خراپەکاری (فەساد) نەبێت لە ناو کۆمەڵگایە. یان بەسەر بردن و بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر بە سەیرکردنی زنجیرە دراما تورکی وعەرەبیەکان و گریان بە دیاریانەوە، بێ ئەوەی سودێك بە ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بگەیەنێت.

ئەو بابەتانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

< Prev    Next >

search... کلیک بکە و بگەڕێ

We have 55 guests online